
# دڵسۆز حەمە شیعرانە تورە دەبێ



**نوسینی : تەیب جەبار**

لــە دوای راپــەڕینی ســاڵی (1991)وە ، لای ئێمــە چــوار وەرزە شــیعر وەك خــۆڵ دەبــارێ ، ئایــە ئەمــە دیاردەیەکی باشە یان خراپ !؟ ئەم بابەتە قسە زۆر هەڵدەگرێت ، من لەم وتارەدا مەبەستم نیيە لەسەری بدوێم .بێگومان ئەو شیعرانەی دوای راپەڕین بڵابونەتەوە ، من هەموویم نەخوێندۆتەوە ، بەڵام بەردەوام موتابەعە و خوێندنەوەی شیعری بڵاوکراوەم کردووە ، چی وەك دیوان یان لە رۆژنامە و گۆڤاردا ، هی لاو ، یان هی بەتەمەن . لە شیعری نەوەی دوای راپەریندا کەمن ئەو شیعرانەی سەرنجی منیان راکێشاوە ، هەروەها کەمن ئەو نوسینە رەخنەییانەی لە سەریان نوسراوە . ئەو شاعیرە لاوانە حەقیانە گلەیی بکەن .

یەکێك لەو شیعرە جوانانەی نەوەی دوای راپەڕین ، کە لەم دواییەدا بڵاوبۆتەوە و سەرنجی راکێشام شیعرێکی شاعیر ( دڵسۆز حەمە )یە ، کە لە ژمارە (595 پێنج شەممە 2008/7/24) ی پاشکۆی (ئەدەب و هونەر)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێدا بە ناونیشانی ( بە مردنم ) بڵاوبۆتەوە . چی وەك ئیقاع هەروەها وەك واتا و یەکێتی بابەت . ئەم شیعرە حەوت مانگە بڵاوبۆتەوە و چەندین جار خوێندومەتەوە و هەر چێژی لێوەردەگرم ، تەنانەت وێنەی یەکەمی بۆتە وێردی سەر زمانم و بەردەوام دەیڵێمەوە .

## بەمردنم

**دڵسۆز حەمە – هۆڵەندا**

1. بە مردنم کۆتایی دێ
2. زستانی پەیوەندیم بە تۆ ،
3. دڵم قەت پاك نابێتەوە — وێنەی یەکەم

---

4. گوڵدانێکی چینیی نەبوو
5. لە سوچێکی زۆر شیرینی ماڵەکەمدا
6. ئەوەی شکاندت ..... گوڵەکەم
7. هەتا رۆژێک
8. لە وەرزێکا ،
9. یەکێکی دیم بۆ بسێنێ و
10. لە جێگەی خۆی داینێمەوە — وێنەی دووەم

11. چاوم نەبوو

12. دەست و قاچ و دڵ وپەنجەکانم نەبوو

13. بە فیشەکێکی نابەڵەد

14. کوێر و سمراو وشکاو و

15. کوناودەر بن یان هەڵوەرێن

16. ئەوەی شکاندت روحم بوو

17. شوشەی نەبینراوی هەستم — وێنەی سێیەم

18. ئەستێرەکانیش داگری

19. زەویم بۆ هەڵکێشی لە گوڵ

20. کۆنابێتەوە پارچەکانی

21. هەر بە نەزیفە خاتیرەم

22. دڵم قەت پاک نابێتەوە — وێنەی چوارەم

23. لەو ژنانەم

24. هەموو عومرم

25. لە تاریکی تە نهاییدا بەسەر بەرم

26. بمرم ،

27. هەڵوەرێم ،

28. دیق بکەم ،

29. وەک شکۆی دار هەنارێکی زۆر دڵتەنگ

30. بەسەر سەری شاخێکی زۆر چەپەکەوە

31. تاق و تەنها

32. لە لوتکەی کبریائی خۆم

33. یەک هەناسە

34. بەقەد بەرزی پەنجە تووتە

35. نایەمە خوار

36. دڵم قەت پاک نابێتەوە . — وێنەی پێنجەم

ئەم شیعرە لە (36) دێڕ پێك هاتووە ، ئیقاعی شیعرەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی رەوتێکی بەردەوامی هەیە ، بابەتەکەش بەهەمان شێوە بەردەوامە و یەکێتی بابەت رەچاو کراوە . شیعرەکە دابەش بووە بەسەر پێنج وێنەدا ، وێنەی یەکەم ( دێڕی 1-3) ، وێنەی دووەم ( دێڕی 4-10) ، وێنەی سێیەم ( دێڕی 11-17 ) ، وێنەی چوارەم ( دێڕی 18-22) ، وێنەی پێنجەم ( دێڕی 23-36) . شاعیر وێنەکانی جیا نەکردۆتەوە و بیانکات بە کۆپلە ، بەڵکو وێنەکان زۆر بە جوانی گرێدراون بە یەکەوە و بەردەوامن و دەبێت بە یەك هەناسە بیانخوێنیتەوە ، چونکە ئیقاع وبابەت بەردەوامن ، ئەمە

مامەڵەی زیرەکانەی شاعیر لەگەڵ واتا و وێنەدا دەردەخات . شاعیرانی ئێمە زیاتر وێنە وشیعری کۆپلەیی بە کاردێنن ، واتا وێنەکان جیا دەکەنەوە ، جا کۆپلەکان یەك بابەت بن یان بابەتی هەمە چەشن بن ، یاخود ئێستا لای زۆرێك لە شاعیرانی لاو ، وێنەی تاك دێری درێژ بە کاردەهێنن کە لە خوێندنەوەدا توشی هەناسە بڕکی و وەستان دەبیت . دەتوانی لە نیوەی شیعرەکەدا یاخود لە هەر دێڕێکدا واز لە خوێندنەوەی شیعرەکە بهێنیت و لە مەرامی شاعیر تێبگەی یان تێنەگەی ، پێویست بە تەواو کردنی خوێندنەوەی شیعرەکە ناکات ، چونکە نە ئیقاع و نە واتا و بابەت بەردەوام نین . بەڵام ( دڵسۆز حەمە ) لەم شیعرەدا شێوازێکی بەکارهێناوە تۆ ناتوانی لە خوێندنەوەی شیعرەکە بوەستی تاکو شیعرەکە تەواو نەکەیت ، گەر لە هەر دێڕێکدا یان کۆتایی وێنەیەکدا بوەستی شیعرەکە ناتەواو دەردەچێت و ناگەیتە مەرام و مەبەستی شاعیر .

کێشی شیعرەکە چوار بڕگەییە ، لە یەك دوو دێڕدا نەبێت لەنگیەکی تێدایە . هیچ بایەخی بە سەروا نەداوە ، بەڵام ئەم پشتگوێ خستنەی سەروایە نەبۆتە نا تەواویەك لە ئیقاعی شیعرەکەدا ، چونکە شاعیر لەم شیعرەدا بایەخی بە ئیقاعی ناوەوە داوە ، ئەویش لە رێگای واتاوە کە لە وێنەی شیعرانەدا بەرجەستە بووە . ئەوەی لە ناوەرۆکی شیعرەکەدا دەردەکەوێت ،ئەم شیعرە لە بارێکی دەرونی ئاڵۆزدا نوسراوە ، تۆزێك پشێوی و بەربڵاوی لە زمانەکەیدا هەیە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر زۆر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ خاسیەتەکانی دیکەی زمانی شیعرانەدا کردووە بۆ دەربڕینی ئەو توڕەبونەی ناخی خۆی .هەروەها کۆمەڵێ وێنەی دروست کردووە کە بە دوای یەکدا هاتوون بۆ بەردەوام دان بە رەوتی شیعرەکە .

ئەم شیعرە هەر لە ناونیشانەکەیەوە جێگای تێڕامان و وردبونەوەیە ( بە مردنم ) . ئەگەر بە تەنها ناونیشانەکە وەرگری ، زۆر شتت لا دروست دەبێت بۆ نمونە : وادەزانی دەیەوێ بڵێ بە مردنم قەسەم یاخود بە مردنم منداڵەکانم سەرگەردان دەبن ، بەڵام کە دەیکاتە وشەی یەکەمی دێڕی یەکەمی شیعرەکە ، سەیر دەکەی بابەتەکە بە لایەکی دیکەدا دەڕوات ، کە زۆر دوورە لە پێشبینی خوێنەر ( بە مردنم کۆتایی دێ ) .

دەستپێك لە دەقدا زۆر گرنگە بۆ راکێشانی خوێنەر و هاندانی بۆ بەردەوام بوون لە خوێندنەوە . وێنەی یەکەمی ئەم شیعرە دەرگای بابەتێکت بۆ دەکاتەوە کە خوێنەر سەرسام دەکات و ناچاری دەکات بە دوای وردەکاری زیاتردا بگەرێت ، چونکە وێنەکە بە یەکجاری هەموو شتێکت پێ نابەخشێت و خوێنەر سارد بێتەوە لە بەردەوام بوون لە خوێندنەوەی شیعرەکە ، بەڵکو ئەو سەرسام بوونە هانت دەدات بۆ تەواو کردنی خوێندنەوەی شیعرەکە و دۆزینەوەی مەرامی شاعیر کە بۆ و لە چی توڕەیە :

بە مردنم کۆتایی دێ

زستانی پەیوەندیم بە تۆ

دڵم قەت پاك نابێتەوە

ئەم چەند دێڕە پێت دەڵێت شتێك رووی داوە ، بەڵام نازانی چییە ! ئەمە توانا و شارەزاییە ، وێنەیەکی مەفهوم دروست بکەیت و خوێنەری پێ سەرسام بکەیت و رووداوەکەش نا دیار بێت تاکو شیعرەکە بە تەواوی نەخوێنیتەوە .ئەم خاسیەتی دەستپێکە لایەنێکی گرنگی هونەریتی دەق دەردەخات ، کە شاعیر سەرکەوتوانە مامەڵەی لەگەڵدا کردووە .

خزانی زمان خاسیەتێکی گرنگی شیعرانەی دەقە ، شاعیر زۆر شارەزایانە لە چەندین شوێن بەکاری هێناوە و بەرگی شیعرانەی کردۆتە بەر شیعرەکە . لە وێنەی یەکەمدا ئەگەر بتەوێ بە زمانی پەخشان و شێوەی ئاخاوتنی ئاسایی ئەو وێنەیە دەربڕی ، وای لێدێت :

دڵم قەت پاك نابێتەوە .

زستانی پەیوەندی من و تۆ ..

بە مردنی من کۆتایی دێ .

شاعیر زۆر بە وریاییەوە دێڕەکانی ژێرا و ژوور کردووە ، دارشتنی بەرگی رستەکانی شیعرانە دوریوە، کە خوێنەر هەست دەکات ئەمە زمانێکی جیاوازە لە زمانی ئاسایی نوسین و ئاخاوتنی خەڵك ، زمانێکە تایبەت بە شاعیر و تایبەتتر بەم شیعرە . لە وێنەی دووەمدا دیسان ئەگەر بتەوێ بە زمانی پەخشان و شێوەی ئاخاوتنی ئاسایی سەرەتای وێنەکە دەربڕی ، وای لێدێت :

گوڵەکەم .. ئەوەی لە سوچێکی

زۆر شیرینی ماڵەکەمدا شکاندت

گوڵدانێکی چینی نەبوو ،

هەروەها خوێنەر خۆی دەتوانێ ئەو خاسیەتە ( خزانی زمان ) لە وێنەکانی دیکەش تێبینی بکات .

وەك لەسەرەوە وتمان زمانی ئەم شیعرە هەندێ پشێوی و بەربلاَوی پێوە دیارە .چونکە زمانی شیعر پێویستە زمانێکی تۆکمە و کورت بڕ و واتا دار بێت و لە وێنەدا بەرجەستە بێت ، بۆ نمونە لە دێڕی"(5) دا هەردوو وشەی (زۆر شیرینی) زیادە ، ئەگەر لاشیبەیت هیچ لە ئیقاع و مانای شیعرەکە کەم ناکاتەوە .هەروەها لە دێڕی (14 و 15 )دا :

14. کوێر و سمڕاو و شکاو و

15. کوناودەر بن یان هەڵوەرێن .

ئەم هەمووو سیفەتانە بۆ ئەندامەکانی جەستە بە سەریەکدا بە رای من زیادە و لە شیعرێتی دەقەکەی کەمکردۆتەوە و تەنها وشەی ( هەڵوەرێن )ی بەکاربهێنایە ، وەك لە خوارەوە :

13. بە فیشەکێکی نابەڵەد

14. هەڵوەرێن

دەیتوانی بەدارشتنێکی دیکە کێشی شیعرەکەی راست بکردایەتەوە .هەروەها لە وێنەی پێنجەمدا دێڕی ( 25 و29 و30 )زۆر درێژن بە بەراورد لەگەڵ دێڕەکانی سەرو و خواری خۆیاندا ، ئەو سێ دێڕە هەر یەکەیان (12) بڕگەن ، بەلاَم دێڕەکانی سەرو و خواریان ( 2 و 3 و 4) بڕگەن . بە رای من ئەو سێ دێڕە بە دارشتنێکی دیکە کورت بکرانایەوە باشتر بوو. لە شیعردا پێویستە رەچاوی روبەری رەشایی و سپیایی کاغەز و جەستەی نوسینی دەق بکرێت ، ئەگەر بە مەبەست نەبێت .

شاعیر لە چەند شوێنێکدا کیمیای وشەی جوان بەکارهێناوە ، وەك ( زستانی پەیوەندیم ) یاخود ( شوشەی نەبینراوی هەستم ) هەروەها ( تاریکی تەنهاییدا ) و ( لوتکەی کبریائی ) و .........هتد .

واتا لەم شیعرەدا سادە و مەفهومە ، هیچ گری و گۆڵەیەکی تێدا نیە و شتی نەبینراوی لە پشتەوە نیە . شاعیر خۆی قسە دەکات و خوێنەر پێویستی بەوە نیە بە دوای قسەکەردا بگەڕێ . واتا راستەوخۆیە و لە رێگای ئەو پێنج وێنەیەوە لە مەبەستی شاعیر تێدەگەیت ، ئەم راستەو خۆی مانایە هێزێکی داوە بە شیعرەکە کە خوێنەر هان دەدات بەردەوام بێت لە خوێندنەوە بۆ سوراخی هۆکاری هەڵچوون و توڕەبوونی شاعیر .

خەیاڵ لەم شیعرەدا ، خەیاڵێکی تەنکە . چونکە خەیاڵ دوو قۆناغی هەیە ، قۆناغی یەکەم ا خەیاڵی تەنك ، قۆناغی دووەم – خەیاڵی قووڵ . خەیاڵی تەنك پێی دەوترێت وەهم ، لەم جۆرە خەیاڵەدا پەیوەندی نێوان شتە هەستیەکان تێك ناشکێن ، شتەکان لە شوێنی خۆیاندا دەمێننەوە و جێ گۆڕکیان پێ ناکرێت ، بۆ نمونە لەم شیعرەدا ( گوڵدانی چینی ، سوچی ماڵ ، چاو , دەست ، قاچ ، دڵ ، دارهەنار ، شاخ ....هتد) بەڵکو بە رێگای چواندن و بەراورد کردن مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ و پەیوەندی باوی نێوانیان هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە وەك لە وێنەی ( 2 ، 3 ، 5 ) دا بە زەقی ئەو حاڵەتی مانەوەی پەیوەندیە دیارە . بەلاَم لە وێنەی چواردا هەوڵی داوە بۆ شکاندنی پەیوەندی باوی نێوان شتەکان ، بەلاَم سەرکەوتوو نەبووە چونکە ئەو ئەرکەی سپاردوە بە چواندنی ئەرکی زەحمەت و مەحاڵ بە رێگای رستەی

کار ( جملە فعلیە ) نەك شتەکان بە موجەڕەد وەرگریٚ و پەیوەندی تازە دروست بکات کە ئەمە ئەرکی خەیاڵی قوڵـە ، وەك لەم دوو دێڕەدا :

18. ئەستێرەکانیش داگرێ

19. زەویم بۆ هەڵکێشێ لە گوڵ

لەم شیعرەدا ئیقاعی فۆرم و بابەت هاوتـەریب و بـەردەوامن ، هەرچـەندە لـە سـێ شـوێندا وەسـتان و قفلێ کردنـی تێدایە ، بەڵام ئەگەر لە خوێندنەوە بەردەوام نەبێت لەو شوێنە قفلێ کراوانەدا مەبەستی تەواوی شاعیرت دەست ناکەویٚ . شاعیر بە دێڕی ( دڵم قەت پاك نابێتەوە ) سێ جار شیعرەکە قفلێ دەکات ، لـە وێنـەی یەکـەم دێـڕی (3) ، کۆتـایی وێنـەی چوارەم دێڕی (22) ، کۆتایی وێنەی پینجەم دێڕی (36) . وێنـەی یەکـەم کلیلـی بابەتەکەیـە کـە لـە دێـڕی (3)دا بـەو دێـرە قفڵی دەکات ، وێنەکە بە شێوەیەکی گشتی باسی بابەتی شیعرەکە دەکات ، بەڵام نازانی وردەکاریـەکان چین لـە بـەر ئـەوە قفڵی دەکات :

بە مردنم کۆتایی دێ

زستانی پەیوەندیم بە تۆ ،

دڵم قەت پاك نابێتەوە

لـە وێنـەی (2 و 3 ) دا ، بـاس لـە وردەکـاری حاڵـەتی خـۆی دەکـات کـە چـۆن ( ئـەو – تـۆ ) دڵـی شـکاندووە و موراعـاتی حاڵەتی روحی ئەمی نەکردووە :

4. گوڵدانێکی چینی نەبوو

.............................

6. نەوەی شکاندت ... گوڵەکەم

.............................

16. نەوەی شکاندت روحم بوو

17. شوشەی نەبینراوی هەستم

بـەڵام وێنەکـە قفلێ ناکـات و تێکـەڵێ بـە وێنـەی(4) چـوارەم دەبێـت ، کـە باسـی خـۆی و ( ئـەو – تـۆ ) دەکـات کـە هەرچی بکات تازە ئەم تورەیە و ئاشت نابێتەوە و روحی شکاوی چاك نابێتـەوە ، ئەگـەر هـەموو ئەسـتێرەی ئاسـمانی بـۆ داگریٚ یاخود زەوی بۆ هەڵکێشێت لە گوڵ ، چونکە خاتیرەی هەر بە نەزیفە ، کە ئەو حاڵەتەی هـەردووکیان تـەواو دەبێـت ئینجا قفڵی دەکات :

ئەستێرەکانیش داگرێ

زەویم بۆ هەڵکێشێ لە گوڵ

کۆنابێتەوە پارچەکانی

هەر بە نەزیفە خاتیرەم

دڵم قەت پاك نابێتەوە

لـە وێنـەی پێنجەمـدا باسـی خـۆی دەکـات ( لـەو ژنانـەم ) و باسـی دوا بڕیـاری خـۆی دەکـات و کۆتـاییش بـە ( دڵم قەت پاك نابێتەوە ) ، دوبارە کردنەوەی ئەو دێرە لە کۆتایی ئەو وێنانەدا زۆر زیرەکانەیە و لە جێگای خۆیەتی ، کە بـەو سێ قۆناغە بابـەتی شیعرەکەت بـۆ دەخاتـە روو ، لـە کۆتـایی وێنـەی یـەك و چـواردا پێویسـت بـە سـوکە وەسـتانێك دەکات و لە کۆتایی وێنەی پێنجدا وەستانی تـەواو و تێگەیشـتنی تـەواو لـە مەبەسـتی شـاعیر . ئـەو رسـتەیە هەرچـەندە رستەیەکی سادەیە و واتاکەی مەفهومە بەڵام بەکارهێنانی لەو سێ شـوێنەدا شـیعریٚتی تـەواو دەدا بـە دێرەکـە و گرێدانـی واتا و ئیقاعی هەر سێ قوناغی ناوەڕۆکی شیعرەکە وحاڵەتی دەروونی شاعیر .

بابەتی سەرەکی شیعرەکە توڕەبوونی شاعیرە لە کەسی بەرامبەر ( ئەو – تۆ ) . دڵی قەت پاك نابێتەوە و بڕیاری داوە بە مردنی ( شاعیر خۆی ) کۆتایی بەو زستانی پەیوەندییە بهێنێت ، واتا پەیوەندییەکە زۆر سارد و سڕە و قەت گەرم نابێتەوە و تاکو مردنیش هەر بە سارد و سڕی دەمێنێتەوە . لە وێنەی ( 2و 3 و 4 ) دا ، باسی وردەکاری حاڵەتی خۆی و ئەو دەکات ، ئە م روح و شوشەی نەبینراوی هەستی شکاوە و بە پاڕانەوە و دیاری نایابی ئەو چاك نابێتەوە و پاکیش نابێتەوە ، لە بەر ئەوە لە وێنەی پێنجەمدا بڕیاری خۆی دەدا و لە لوتکەی کبریائی خۆی نایەتە خوارەوە و دڵی قەت پاك نابێتەوە . هەروەها خاسیەتێکی جوانی دیکەی ئەم شیعرە یەکێتی بابەتە کە کرۆکی پەیوەندی نیوان شاعیر و ( ئەو)ە . هەموو وشە و رستە و وێنەکان لە سەرەتاوە تا کۆتایی لەو ئاقارەدا دەخولێنەوە و پەل وپۆ بۆ ئەم لاو و ئەو لا ناهاوێژن .ئەم یەکێتی بابەتە جەستەیەکی تۆکمەی دەقەکەیە ، چونکە یەکێك لە مەرجەکانی دەقی سەرکەوتوو بەرجەستە بوونی مانا و وێنە و ئیقاعە لە جەستەیەکدا .بەڵام وەك وتم شیعری زۆربەی شاعیرانی نەوەی دوای راپەڕین تاك دێڕ و بێ جەستەن و وێنەکان نابەسترێن بە یەکەوە و پەرش و بڵاون و دەقەکانیان شل و شێواوە و چێژ بەخش نین .

وە نەبێ ئەم شیعرە بەدەر بێت لە کەم و کورتی ، لە وێنەی یەکەمدا شاعیر توڕەیە و دڵی قەت پاك نابێتەوە بەرامبەر بە ( ئەو ) . بەڵام لە وێنەی دووەمدا پێی دەڵی ( ئەوەی شکاندت ... گوڵەکەم ) ، ئەوەی دەیزانم کە مرۆڤ توڕە بوو لە بەرامبەرەکەی قەت پێی ناڵێت گوڵەکەم ، بەڵکو سیفەتێکی ناشرینی پێ دەڵێت . لەوانەیە من زۆر شارەزای بواری دەروونناسی نەبم ، ئایە ئەمە دەلالەت لە لێبوردەیی ( دڵسۆز) دەکات ! یان لە بەر کێشی شیعرەکە وشەی گوڵەکەمی داناوە ، بەرای من وشەی گوڵەکەم لەوێدا زیادە ، دەبوایە ئەو وشەیەی بەکارنەهێنایە و بە داڕشتنێکی تر کێشی شیعرەکەی راست بکردایەتەوە .

لە وێنەی پێنجەمدا دێڕی ( 25 و 29 و 30) وەك وتمان زۆر درێژن ، بەراورد لەگەڵ دێڕەکانی سەرو و خوارویان .هەروەها چواندنی کبریائی خۆی بە دار هەنارێکی دڵتەنگ بە سەر شاخێکی چەپەکەوە بە لای منەوە لاوازە ، نەمبیستووە لە ناو کوردا خەڵك کبریائی خۆی بە درەختی سەرشاخی چەپەك بەروارد بکات ، هەرچەندە ئەمە شیعرە و شاعیر سەرفرازە لەو جۆری چواندن .چونکە درەخت گەڵاڕێزانی هەیە وجار بە جاریش وشك دەبێتەوە ، جاری وا هەیە بەرگەی کەش و هەوای چوار وەرزە ناگرێت ، شوێنی چەپەکیش شوێنی دیار و بەرچاو نیە . بەڵکو ئینسان کبریائی خۆی بە شتێك دەچوێنی کە لە بەرچاو بێت و هیچ شتێك کاری تێنەکاو و بەرگەی دیاردەکانی سروشت بگرێ و چوار وەرزە هەر وەك خۆی بمێنێتەوە بۆ نمونە : لوتکەی شاخ ، کێوی تووش ، قەڵا ، گەورە بەردی قەد پاڵ ............ هتد .

هەروەها لە وێنەی (5) دا دێڕی ( 34 و 35) دەڵی :

**بە قەد بەرزی پەنجە توتە**

**نایەمە خوار**

ئەوەندەی من دەزانم ( دڵسۆز ) ئەندازیاری میعمارسازە ، دەبوایە زۆر شارەزای پێوانەی مەودا و قەبارە بێت ، سەیرم لێدێ دەڵێ ( بەرزی پەنجە توتە ) ، چونکە پەنجە توتە بەرزی نیە ، پەنجە توتە شێوەیەکی لولەیی هەیە ، واتا مەودای درێژی و تیرە ونیوە تیرەی هەیە نەك مەودای بەرزی . من قەت نەمبیستووە کورد بەرزی پەنجە بۆ پێوانەی مەودا بەکاربهێنێت .بەڵام بۆ مەودای درێژی و پانی بەکاری دەهێنێت ، کورد دەڵێ : درێژی بە قەد پەنجەیەکە ، یاخود دەڵێ : دوو پەنجە یان سێ پەنجە پانە ، بەڵام قەت ناڵێت پەنجەیەك بەرزە چونکە شێوەی پەنجە لولەییە و بە تەنها بەکارهێنانی بۆ مەودای پانی و بەرزی نابێت .

ناتەواوییەکی دیکەی شیعرەکە خاڵبەندییە ، کە شاعیر وەك زۆربەی شاعیرانی نەوەی خۆی رەچاوی ناکات . ئیتر نازانم ئەوە بە ئەنقەستە یان لە نە شارەزاییە . چونکە بۆ خوێنەری ئاسایی و تەنانەت هەندێ خوێنەری شارەزا و زیرەکیش ، جیا کردنەوەی ئەو وێنانە زەحمەتە . مەعقول نیە بۆ کۆتایی وێنە خاڵ دانەنێی و سەر لە خوێنەر بشێوێنێ . بۆیە ئەمڕۆ خوێنەرێکی زۆر شیعر ناخوێننەوە ، بە هۆی رەچاو نەکردنی خاڵبەندییەوە ، ئەگەر شیعرەکە باشیش بێت .بە هیوای بەردەوامی و شیعری جوان و جوانتر وئاشتبونەوەی (دڵسۆز) لەگەڵ ( ئەو )دا .

2009/2/20


**بۆ نوسینی ئەم بابەتە سودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە :**

1. فن الشعر /د.احسان عباس / دارالثقافة – بيروت / الطبعة الثانية – 1959 .
2. في الرؤيا الشعرية المعاصرة /د.احمد نصيف الجنابي / دار الحرية للطباعة – بغداد/ الطبعة الاولى ( بلا تأريخ ).
3. النظرية النقدية الغربية /د.عيد الدحيات /المؤسسة العربية للدراسات و النشر – بيروت / الطبعة الاولى 2007.
4. اوراق الخريف / د.عبدالواحد لؤلؤة / دار رياض الريس للكتب و النشر – بيروت / الطبعة الاولى – 2008 .



* لە ژمارە 38/ نیسانی (2009) ی گۆڤاری هەنار بڵاوبۆتەوە .